Kurdocide Watch
CHAK
Çawdêrî Kurdosayd
www.kurdocide.com
Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan
Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# حکومەتی ئەڵمانی خۆی لە لێپرسراوێتی کارەساتی هەڵەبجە دەدزێتەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەم دۆزە پشتگوێ دەخات

## نامەیەکی کراوە بۆ رای گشتیی

لە ٢٥.٠٢.٢٠١٠ فراکسیۆن چەپ لە پەرلەمانی ئەڵمانی بە پالپشتی ناوەندی چاک و زیندانیانی سیاسی کوردستان بۆ لێپرسینەوە لە دۆزی هەڵەبجە چەند پرسیارێکی ئاراستەی حکومەتی ئەڵمانی کرد. ناوەرۆکی پرسیارەکان ئەم خاڵانەی لەخۆوە گرتبوو:

١. تێڕوانین و هەڵوێسی حکومەتی ئەڵمانی لە کارەساتی هەڵەبجە و پرسی بە جینۆساید ناساندنی.
٢. زانیاری حکومەتی ئەڵمانی لە بارەی ئەو کارەساتە و دانپیانانی بە تێوەگلانی حکومەتی ئەو کاتە و کۆمپانیا ئەڵمانیەکان لەم تاوانە و هەڵوێستی لە ئێستاو داهاتوو دا.
٣. زانیاری لە بارەی قوربانیان و پاشماوەی ئەم کارەساتە و گرفتە جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیان و هەڵویست و پێگەی حکومەتی ئەڵمانی لە قەرەبوکردنەوەیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە مرۆڤایەتیەکان.

ئەوەی جێی داخ و سەرسورمانە کە حکومەتی ئەڵمانی ئەم جارەش وەک جارانی پێشتر خۆی لەم لێپرساوێتیە دەدزێتەوە، کە کارەساتی هەڵەبجە بە جینۆساید بناسێ و هەنگاوی جددی بنی بۆ سزادانی تاوانباران و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان. لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە بە پێی وەڵامی حکومەتی ئەڵمانی تا ئێستا ئەم بابەتە لە نیوان حکومەتی عیراقی و هەرێمی کوردستانیش و لێپرساوانی ئەڵمانی نەبۆتە جێی باس و خواس.
ئولا یلپکە، لێپرساوی سیاسەتی ناوخۆی فراکسیۆنی چەپ لە پەرلەمانی ئەڵمانی، لە ١٥.٠٣.٢٠١٠ لە راگەیاندنێکی رۆژنامەوانیدا هەڵوێستی خۆی و پارتەکەی دووبارەکردەوە، کە "دەبێ حکومەتی ئەڵمانی

به لێپرسراوێتی خۆی بەرامبەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ٤٠ شوێنی تر لە ساڵی ١٩٨٨ لە کوردستان هەڵسێ، بە بە سزا گەیاندنی ئەو کۆمپانیایانەی لەم تاوانە بەشدارن و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان".

ئێمە وەک چاودێری کوردۆساید/ئەڵمانیا:

١. لەم بارەوە پالپشتی خۆمان بۆ فراکسیۆنی چەپ لە پەرلەمانی ئەڵمانی و هەڵوێستی خۆمان دووبارە دەکەینەوە کە حکومەتی ئەڵمانی بە لێپرسراوێتی خۆی هەڵسی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و مرۆڤایەتیانە هەڵوێست لە دۆزی هەڵەبجە وەربگرێت.

٢. نارەزایی بەرامبەر بە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕین، بە پشتگوێخستنی ئەم دۆزە و خۆ دزینەوە لە لێپرسراوێتی لە هەوڵدان بۆ:

- ناساندنی ئەم کارەساتە و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال لەلایەن حکومەتی ئەڵمانییەوە بە جینۆساید، نەک وەک خۆیان دەڵین "ڕووداوێکی دژ بە مرۆڤایەتێ".
- بە سزا گەیاندنی تاوانباران و هاوکارانیان لە کارەساتەکانی کیمیابارنی هەڵەبجە و ئەنفال.
- قەرەبوکردنەوەی کەس و کاری قوربانیان و لێقەوماوان.

.

چاودێری کوردۆساید/ ئەڵمانیا

٢٦.٠٣.٢٠١٠